# کوردستان وڵاتێکی پڕلەکارەساتی ئۆتۆمۆبێل

**ئا: ئاسۆ**

کێشەی ترافیك لەکوردستاندا  گرفتێکی گەورەیە کەتاوەکوئیستا بەبێچارەسەر ماوەتەوە شۆفێران و کارمەندانی پۆلیسی هاتوچۆ ، هەریەکەولیکدانەوەیەك بۆئەم کیشەیەدەکەن ، پۆلیسی هاتوو چۆ شوفێران بەوە  تاوەناباردەکەن

کەکەم  تەرخەموو ن وڕینماییە کانی پۆلیسی هاتوجێ بەجێناکەن بۆیەژمارەی قوربانیەکان و ڕوداوە دڵتەزێنەکان ڕوی لەزیاد بوون کردوە  لەلایەکی تریشەوە شۆفێران ڕیگاو بان و شەقامەکان بەهۆکاری کیشەی هاتوچۆ دەزانن وە پێیان وایەزۆربەی ئەوکارەساتانەی کەڕوئەدەن لەدەرنجامی خراپیڕێگاوبانەکانەوە یە .  ئیستا لەنێوکەناڵەکانی راگەیاندن چ کەناڵیبیستراو چ  کەناڵی بینراو چەندین بەرنامەی ڕێنمای بۆشوفێران پێشکەش دەکرێت ئەم بەر نامانەش ڕاستەو خۆ لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆ ئامادەدەکرێت  ئەوەی جێگای تێبینی و هەڵویستەیە ئەم بەرنامانە زیاتر ڕەخنەکان ئاڕاستەی شۆفێران دەکەن کەمتەرەخەمی شوفێرەکانیش بەهۆکاری کارەساتەکان دەزانن     ئەمەش جێگەی نیگەرانیشوفێرەکانە ئەوەی ئیستا لەکوردستاندا دەژی ئەو ڕاستیە دەزانێت  کە شەقامو ڕێگا و بانەکان  زۆرخراپن و هیچ مەرجێکی سەلامەتی تێدانیە  ئەو شەقامانەی ئیستا هە یە  زۆر کۆنەو لە  ساڵەکانی حەفتاکانە

وە تائیستا گۆرکانری   تیدا نەکراوە و  هەروەکوخۆی ماوە تەوە  ئەمە سەرباری ئەوەی کەئیستا ژمارەیەکی خەیاڵی ئۆتۆموبێل لەکوردستاندا هەیەو ڕۆژانەش ئەم ژمارەیەزیاد دەکات    تائیستا بەشێکی ڕیگەسەرەکیەکانی دەرەوەی شار یەك سایدن ئەمەش هۆکارێکە بۆ چەندین کارەساتی دڵتەزێن شوفێرێك پێی ووتم ڕێگای سلێمانی عەربەت لەگەڵ ڕیگای سلێمای دووکان بەقەت شەڕی ناو خۆ قوربانی لێکەوتۆتەوە ئەمەش هۆکارەکەی یەك سایتی ئەو ڕیگایا و بانانەیە  ئامارە کانی نەخۆشخانە و پۆلیسی هاتوچۆ لەمەڕقوربانیەکانی ئۆتۆمۆبێل ترسنا کن و لایەنی پەیوەندی داریش وەك هەمیشە کەم تەرخەمن لەچارەسەر کردنی ئەم کیشانە  وە ك لەسەرەوە ش باسم کرد  کەپۆلیسی هاتوچۆ و تاڕادەیەکیش کەناڵەکانی ڕاگەیاندن شۆفێران بەکەم تەرخەم دەزانن  کە بەبۆ چونی شۆفێرەکان  ئەم تاوان بارکردنە بێویژدانیەکە بەشوفێر ، ئەوەی کەمن تێبینی دەکەم لەزۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا کاتێك باسی کارەساتێکی دڵتەزێنی ئۆتۆمبێل کرابێت  دەستی کەم تەرخەمی و تاوان بارکردن بۆشۆفێرەکە درێژکراوە زۆر بەکەمی باسی خراپی ڕیگەو بانەکان دەکرێت من لەم ڕاپۆرتەدا بە باشم زانی تە نیا ڕای شۆفێران لەسەر زۆربونی کارەساتەکانی ئۆتۆمبێل وەر بگرم  شۆفێرەکان پێیان وایە کە ڕووداوە کانی پێکدادانی ئۆتۆمۆبێل لە نێوشارەگەورەکاندا بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆکەم تەرخەمی شۆفێرکان کە گوێ بەڕینماییە کانی هاتوچۆنادەن   کاك سەلاح کە شوفێرێکی تەکسیە لەشاری سلێمانی پێی ووتم ڕێگەو بان لەنێو شارەگەورەکاندا باشە بەڵام باشێکی تەواو نا لەبەر ئەوەی زۆربەی شەقامەکانی ناوشار هەمووی بوە بەتاسەو چاڵی وچۆڵی تاسەی وە های تێدایە کە ئەگەر لێی بدەی توشە کارەساتت دەکات بەشێکی شەقامە کان دەڵی فەرەشەو لول بوە بەداخەوە شارەوانی بایەخ بەشەقامەکان نادات  لەگەڵ ئە م گرفتانەش لەڕیگاو بانا شۆفێرەکانی ئێمە گوێ بەڕینماییەکان نادەن نە قایشی خۆبەستنەوە بەکاردێنن زۆرتیژ لێدەخورن کێشەکەش لەوە دایە زۆربەی لاوە کانمان ئۆتۆمۆبێلیان هەیەو سەرکێشی وموجازەفەدەکەن لەلێخوڕینی ئۆتۆموبێل دا .شێرکۆمستە فاش ڕای وابوو کەزۆربەی ڕووداوە کانی نێو شارەکان ئۆباڵەکەی لەئەستۆی شۆفێرەکان خۆیاندایە وە زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێلی لەکوردستان بۆتە هۆکارێك  بۆزۆربونی کێشەکانی هاتووچۆ   کاك بەکر ساڵحیش کەشوفێرێکە لەشاری سلێمانیو ماوەی 15 ساڵەکاری شۆفێری دەکات ووتی ساڵانی پێش پرۆسەی ئازادی کێشەی هاتووچۆکەم بوو بەلام لەدوای ئازاد کردنی عێراق و هینانی ئەوهەممو سەیارەیە لەناوەڕاستوو باشوری عێراق ڕێژەی ئۆتۆمۆبێلی زیادکرد وە ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کەلەشارەکانی عێراقەوە ئەیان هێنان زۆربەیان ی فەرهوود بوون بۆیەنرخەکەی زۆر هەرزان بوو سەیارەیەکی ئاخرمۆدێل  نرخەکەی لە500 دۆلاربوو    ئەمە یەکێکە لەهۆکارەکان پاشانیش لاوەکانمان گوێ بەڕێنماییەکانی هاتووچۆنادەن ئەمەسەرباری خراپی شەقامەکان  بەداخەوە حکومەت لەم ڕووەوە زۆر کەمتەرخەمە  ئێمە شەقا مان  هەیە لەساڵی 1970 درووست کراوە بۆ2007 نابێت  ئەمە کێشەکەیە ڕەنگە کەمتەرخەمی لە  هەرددولاوە بێت  کاك  عومەریش ماوەی 25 ساڵەکاری شوفێریی ئەکات ووتی ڕاستە لەنیوشارەکاندا زۆربەی کارەساتەکان بەهۆی شۆفێرەکانەوە یە بەلام لەدەرەوەی شارەکان کێشەکە پەیوەندی بە ڕێگەو بانەوەیە  بەداخەوە حکومەت لەهەموو کارەکانیدا کەمتەر خەمە ناشبێت ئەوەمان بیر چێت زۆربەی شۆفێرەکانمان گوێبەڕێنماییەکانی هاتووچۆنادەن نەقایشی خۆبەستنەوە بەکاردێنن نە ڕینماییەکانی کەجێ بەجێدەکەن ڕێگاوبانەکانیشمان لەئاستی پێویستانین

بۆیەمن داوادەکەم لەحکومەتی هەرێم پێش ئەوەی  پەنجەی خەتا بۆشۆفێرەکان درێژ بکەن پێویستە بیر لەچارەسەری شەقامەکان بکەنەوە     کاك مەحەمەدیش کەماوەی زیاتر لە30 ساڵە شۆفێرە ووتی ساڵانی زوو  شار وە

وە ك ئیستا ئۆتۆمبێلی تێدا نە بوو گەرە کێك لەچەند سەیارەیەك زیاتری تێدانەبوو بەلام ئیستا  ماڵ هەیە  پێنج

سەیارەی هەیە من خەڵك دەناسم  کرێچیە بەلام 6 ئۆتۆمۆبێلی هەیە گەرەکی  واهەیە ئەڵێی گەراجی سەیارەیە

خەڵك ئێستا دەرا مەتی باشەو ئۆتۆمۆبێل دەکرێت  بەلام ئێمە شەقامە کانمان بەرگەی  زۆربوونی ئۆتۆمۆبێل ناگرێت ئەوە تادەبینی چی کارە سات ڕوو ئەدات بەهۆی زۆربوونی ئۆ تۆمبێل   بۆیە پێویستە حکومەت بیر لەچارەسەرێك بکاتەوە  ئەمیش نەکاتە کێشەی کارە با بڵێ ئاو بەش ناکات. لەڕێگاو بانە کانی دەرەوەی شاردا ڕوداوی دڵتەزێن وکارەسات بار ڕوودەدەن  ڕێگای سلێمانی عەربەت عەربەت کەلار سلێمانی دووکان کەرکوك هەولێر ئەمە ئەوڕێگایانەن

کەشوفێرەکان ناویان ناوە سکەتل مەوت  واتا ڕێگای مردن   سا لاَ نە خەڵکێکی زۆر لەورێگایانەدا گیان لەدەست ئەدەن  بەشی زۆری ئەو شۆفێرانەی کە لەو ڕیگایانەدا کاردەکەن هۆکاری کارەساتە دڵتەزێنەکان بۆ ڕێگاوبانەکان دەگێڕنەوە  یەکێك لەشۆفێرەکانی خەتی دەرەوەی شار پێی ووتم  من ماوە 10 سالە لەڕیگای هەولێر سلێمانی ئیش دەکەم ئەم ڕێگایە ڕێگەی مردنە بەتایبەتی ڕیگای دووکان سلێمانی ساڵ

نیەدەیان کارەساتی دڵتەزێنی لێنەکەوێتەوە   ماوە یەکی زۆرە ئەوە بۆدووساڵ دەچێت حکومەتی هەرێم  کار لە پڕۆژەی دووسایت کردنی  سلێمانی دووکان دەکات بەلام نازانین ئە م کارە بۆ ئەوە ندە بەخاوی دەڕوات  ئەگەر بەم شێوە یەی ئیستا کاری تێدا بکەن  تادوو ساڵی دیکە ئەم دووسایتە تەواو نابێت ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی کارەساتی دڵ تەزێن لە م  ڕیگایەدا ، کاك ئارام کە شۆفێرێکەو لەڕێگای کەرکوك سلێمانیدا ڕۆژانە ئیش دەکات  ووتی من ڕۆژانە دایکم ئەڵێت کوڕەکەم نارنجۆکێکی پێیەو یاری پێدەکات ڕۆژێك دێت و پێدا دەتەقێتەوە مە بەستی دایکم لەنارنجۆك ئەوە یە کە ڕیگا کە بە نارنجۆك وە سف دەکات بەڕاستی کەخۆشم بیری لێدەکەمەوە وایە دەیان جار بە لەحزا ت لەکارەسات گەڕاومەتەوە خۆئەگەر لەمڕیگایە توشی هەر کارەساتێك بیت  زەحمەتە بگەڕیتەوە بۆ ناوژیان بەداخەوە تاوەکوو ئیستا  ئەم ڕێگایانە چارەسەر نەکراون کە کارە ساتێکیش ڕوو ئەدات لە تەلەفزێون و ڕادوێکانەوە ئەڵێن بەهۆی تیژ ڕەوی شۆفێرەکەوە یە خۆناڵێن ئێمەی حکومەت یەك شەقام چاك ناکەین و خەتاکە لەئێمەوە  یە

کاك وە لید   یش کە خاوەنی لۆریەکەو لەڕیگای سلێمانی هەولێر کاردەکات ووتی من بە پۆلیسی هاتووچۆ ئەڵێم کە لەبەر نامەکانیان بە کامێراوە ئەنیشنە سەر شۆفێرێك کە مووخالەفەیەکی بچووکی کردوە لە بەردەم کامێرادا حە یایی ئەبەن باشە بۆ چارێك ناچنە بەردەم  مە سئولێك پێبڵێن کاکی برا ئەم ڕیگایانە  سەدان کەسی لەناوبردوە بۆ ئێوە جارێك بیر ناکەنەوە  لە سەلامەتی خەڵك باجارێکیش لەبەردەم کامێرا مەسئولێك مووحاسەبە بکەن ،  ئێمە ئەبێت هەموومانگێك چ کاسپیەك دەکەین بیدەینەوە بەهەقی سەیارەکانمان بەهۆی تاسەو خراپی شەقەماکان  سە یارەکانمان دەشکێ  ئەم ڕیگایانە ڕیگای مردنە هیوادارم حکوومەت بەجدی بیر لەچارەسەری ئەم گرفتە بکەنەوە   کاك ئاکۆش کە شۆفێرەو لەڕیگای سلێمانی کەلاردا  کاری شۆفێری دە کات ووتی زۆربەی ڕیگاکان  یەك هێمای هاتوچۆی لێدانە نراوە  ڕێگاکە یەك سایدە جگە لەوەی کە شەقامەکە وێرانە هەمووی تاسە یە    بەبۆ چونی من حکومەت بەر پرسە لەم کارە ساتانە ڕاستە شۆفێر دەبێت ئاگای لە سەلامەتی خۆی بێت  بەلام ڕیگاو بانیش زۆرگرنگە   ئەگەر ڕیگەو بان خراپ بوو شوفێر چەند وووریابێت هەر  کارەسات ڕوو ئەدات  .